# پەیرەو پرۆگرامی ناوخۆی کۆمەڵەی یۆگا لە کوردستان

**ماددەی یەکەم:**

**ناوو پێناسەی کۆمەڵە:-**

١. ناوی کۆمەڵە: کۆمەڵەی یۆگا لە کوردستان

٢. پێناسەی کۆمەڵە: کۆمەڵەی یۆگا لە کوردستان کۆمەڵەیەکی سەربەخۆی پیشەیی قازانج نەویستە و خاوەنی کەسێتی مەعنەوەیە، تێدەکۆشێت لەپێناو بڵاوکردنەوەی یۆگا لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا بەمەبەستی خزمەتکردنی خوازیارانی یۆگا لە ڕوی جەستەیی و دەروونی و رۆحیەوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و بەئاگا .

٣. بارەگای کۆمەڵە : کوردستانی عێراق/ شاری سلێمانی /گەڕەکی سلێمانی تازە . کۆمەڵە دەتوانێت لەداهاتوودا لق لەشارو شارۆچکەکانی تری کوردستان و عێراق بکاتەوە .

**ماددەی دووەم:**

**ئامانجی کۆمەڵە :-**

١. ئامانجی کۆمەڵە بریتیە لە بڵاوکردنەوەی یۆگا بەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی .

٢. کۆمەڵە لەرێگەی کردنەوەی خولی یۆگاو گرتنی کۆرو سیمینارو کردنەوەی ماڵپەرو بڵاوکردنەوەی نامیلکە و کتێبەوە هەڵدەسێت بە بڵاوکردنەوەی یۆگا.

٣. ئامانجی کۆمەڵە لە بڵاوکردنەوەی یۆگا گەیاندنی ئەو رێگە پربایەخەیە بەنەتەوەی کورد، هەروەها کۆمەڵە دەیەوێت لەرێگەی یۆگاوە یارمەتی باشتر بوونی تەندروستی جەستەیی و دەروونی و رۆحی گەنجان و کەسانی خوازیار بدات تا کۆمەڵگەیەکی تەندروست بێتە ئاراوە.

**ماددەی سێیەم :-**

**مەرجەکانی بوونە ئەندام لەکۆمەڵەدا:**

١. رەوشتی بەرز بێت .

٢. ئەندامانی دەستەی بەرێوەبردن و سەرۆکی کۆمەڵە رازی بن لەسەر بە ئەندام بوونی.

٣. دەبێت پێش بوونە ئەندام فێرخواز بوبێت لە کۆمەڵەدا.

٤. خۆی ڕەزامەندو داواکاربێت و بەڵێننامەی تایبەتی ئەندامێتی پر بکاتەوە.

٥. لەلایەن یاساوە داوانەکرابێت.

٦. هەوڵبدات بۆ گەیاندنی پرۆگرامەکانی یۆگا .

٧. تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت وخاوەنی لێهاتوویی یاسیی بێت.

**ماددەی چوارەم:-**

**لەدەستدانی ئەندامێتی:**

هەر ئەندامێك ئەندامێتی خۆی لەدەست دەدات ئەگەر یەکێك یان دوان لەم خاڵانەی خوارەوەی لێ دەربکەوێت:

١. ئەنجامدانی کاری بایاسایی بەپێ یاسای هەرێمی کوردستان و عێراق و برگەکانی یاسای کۆمەڵە.

٢. رازی نەبوونی سەرۆکی کۆمەڵە و دەستەی بەرێوەبردن لەسەر بە ئەندامێتی مانەوەی ئەو کەسە بەبوونی بیانوی شیاو .

٣. پاشگەزبوونەوەی ئەندام لەئەندام بوونی خۆی لە رێگەی دەست لەکارکێشانەوەی رەسمیەوە.

٤. هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی ناوو جەوهەری یۆگا بۆ کاری نادروست و بەرژەوەندی تاکەکەسی.

**ماددەی پێنجەم:-**

**گەرانەوەی ئەندام:**

ئەندام دەتوانێت بگەرێتەوە ناو کۆمەڵە ئەگەر خۆی داواکاربێت، هەروەها ئەگەر کارێکی نایاسای کردبێت دەبێت باجی کارەکەی دابێت(واتە سزای خۆی لەیاسا وەرگرتبێت) و بەڵێن بدات پابەندی برگەو ماددەکانی یاسای هەرێم و عێراق و ماددەکانی پەیرەوی کۆمەڵ بێت.

**ماددەی شەشەم:-**

پەیوەندی کۆمەڵە:
١. کۆمەڵە ئازادە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ زانکۆو پەیمانگا و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چ لەناوەوەو چ لە دەرەوەی کوردستان لەژێر ڕوناکی یاساداو بەرژەوەندی لایەنی پەیوەندیدار.
٢. کۆمەڵە دەتوانێ مامۆستای یۆگاو کەسانی شارەزا و ئەکادیمی و هونەری لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستان بانگهێشت بکات بۆ وتنەوەی وانەو پێشکەش کردنی ئامۆژگاری پێویست لە کوردستاندا بەمەبەستی ئاڵوگۆری زانستی و گۆرینەوەی کارامەیی، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار.
٣. کۆمەڵە دەتوانێ لەهەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان خولی یۆگا بکاتەوەو هۆڵی ڕاهێنان دابمەزرێنێت.
٤. دروستکردنی پەیوەندیەکان لەسەر بنەمای کاری ڕێکخراوەیی دەبێت، هاوشانی پاراستنی کارامەیی تاکی کوردی.

**ماددەی حەوتەم:-**

داهاتی کۆمەڵە:
داهاتی کۆمەڵە لەم سەرچاوانەی خوارەوە بەدەست دێت:
١. هاوکاریەکانی حکومەتی هەرێم یان دەوڵەتی مەرکەزی .
٢. داهاتی چالاکیەکانی کۆمەڵە .
٣. کەسانی دەوڵەمەند و خێرخواز .
٤. ئەو پرۆژانەی کە کۆمەڵە دەیانخاتە گەڕ بۆ پەرەپێدانی داهاتی کۆمەڵە .
٥. کارە داراییەکانی کۆمەڵە لەلایەن سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری داراییەوە ووردبینی دەکرێت .

**ماددەی هەشتەم:-**

بەڕێوبەرایەتی کۆمەڵە:
١. ئیدارەی کۆمەڵە پێکدێت لە لێپرسراوی کۆمەڵەو دەستەی بەڕێوەبردن و چوار بەشی دارایی و ڕاگەیاندن و پەیوەندی و کارگێری.
٢. دەستەی بەڕێوەبردن سێ کەس یان زیاتر پێکی دێن.
٣. جێگری سەرۆکی کۆمەڵە بریتی دەبێت لە یەکێك لە ئەندامەکانی دەستەی بەڕێوەبردن کە سەرۆکی کۆمەڵە خۆی دیاری دەکات .
٤. هەربەشێکی ئیدارە خاوەنی بەڕێوبەری تایبەتی خۆیەتی کەلەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەوە لەهەڵبژاردندا دیاری دەکرێت.
٥. دەبێت هەریەك لەبەشەکان خاوەنی ئەرشیفی تایبەتی خۆیان بن.
٦. دارایی بەشەکان لەلایەن لێپرسراوی کۆمەڵەو بەشی داراییەوە سەرف دەکرێت.
٧. سەرفکردنی بری تێچونەکان تەنها بەشێوەیەکی یاسایی دەبێت.
٨. هەرکەسێك لەئەندامانی بڕواپێکراوو پێشکەوتوی کۆمەڵە بۆی هەیە ببێتە لێپرسراو، لەهەردوو ڕەگەز، ئەویش لەرێگە هەڵبژاردنەوە .

**ماددەی نویەم:-**

تۆمارەکانی کۆمەڵە:
١. ئەندامەکان:
لەم تۆمارەدا زانیاری تەواوی ئەندامانی کۆمەڵەی تێدا تۆمار دەکرێت .
٢. بریارەکان:
لەم تۆمارەدا سەرجەمی بریارو پێشنیارەکانی دەستەی بەڕێوبەرایەتی کۆمەڵەی تێدا تۆمار دەکرێت .
٣. دارایی:
سەرجەمی داهات و خەرجیەکانی کۆمەڵە لەم تۆمارەدا تۆمار دەکرێت.
٤. تۆماری کەل و پەل:
سەرجەمی کەل و پەلی گواستراوەو نەگواستراوەی تێدا تۆمار دەکرێت.
٥. هەر تۆمارێکی تر کە کۆمەڵە بە پێویستی بزانێت.

**ماددەی دەیەم:-**

**هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە:**

١. بەکۆی دەنگی ٣/٢ ی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن یان کۆنگرە.
٢. بڕیاری دادگا.

بەهەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە داهاتی کۆمەڵەو کەل و پەل و ئیدارەو هۆڵی ڕاهێنان ، ڕاستەوخۆ دەدرێتە ڕێکخراوێکی یان کۆمەڵەیەکی هاوشێوەی ئامانج یان بەشێك لەئامانجەکانی بگونجێت لەگەڵ ئامانجی کۆمەڵە یان دەبێت بخرێتە دام و دزگا حکومیەکانەوە.

**ماددەی یانزەیەم:-**

**کۆنگرەو دەسەڵاتەکانی:**

١. دوو ساڵ جارێك هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمەڵە ئەنجام دەدرێت، خۆ ئەگەر سێ لەسەر چواری زیاتری ئەندامان ویستی مانەوەی لێپرسراوی کۆمەڵەیان هەبوو ئەوا پێویست بەهەڵبژاردنی لێپرسراو ناکات.
٢. هەڵبژاردنەکان بەپێی دەنگدانی دیموکراسی دەبێت بەئامادەبوونی یاسایی دادگاکانی هەرێم .
٣. هەردوو ساڵ جارێك هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت جا لەناو کۆنفرانسدا یان لەدەرەوەی کۆنفرانس .

**ماددەی دوانزەیەم:-**

**ئەحکامی کۆتایی:**

١. ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن کەنابێت لە سێ کەس کەمتر بن دەتوانن لەرێگەی دەنگدانەوە لێپرسراوانی بەشەکانی بەرێوبەرایەتی دیاری بکەن.
٢. پاش لەدەستدانی لێپرسراوێتی کۆمەڵە لەهەڵبژاردنداو هەڵبژاردنی کەسێکی دیکە لەبری لێپرسراوی پێشوو ، ئەوا لێپرسراوی پێشوو بۆی نیە داوای ئەو ئیمتیازاتان بکات کە پێشتر هەیبوە.
٣. هیچ یەك لەئەندامانی دامەزرێنەر بۆیان نیە داوای ئیمتیازی تایبەتی بکەن تەنها لەبەرئەوەی بەشداری دامەزراندنی کۆمەڵەیان کردوە ، بەڵکو بۆ بەدەست هێنانی ئیمتیازی ئیداری پێویستە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە کار بکات .
٤. هەموو ئەندامان بۆیان هەیە پێش تەواو بوونی کۆنفرانس یان هەڵبژاردن رەخنەی خۆیان ئاراستەی دەستەی بەرێوەبردنی هەڵبژاردن بکەنەوە.
٥. دەبێت داهاتی کۆمەڵە لەرێگەیەکی شەرعیەوە دەست بکەوێت ، واتە بەهیچ شێوەیەك ناگونجێت بازرگانی بەیۆگاوە بکرێت و یۆگا بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی سامان و داهات.
٦. دەبێت داهاتی کۆمەڵە سەرفی کارو چالاکیەکانی کۆمەڵە بکرێت و کەس بۆی نیە ئەم داهاتە لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت.
٧. خەرجکردنی داهات دەبێت بەرەزامەندی لێپرسراوی کۆمەڵەو لێپرسراوی بەشی دارایی بێت.
٨. مامۆستای بەشەکان و بەرێوبەری بەشە ئیداریەکان خاوەنی پاداشتی دارایی دیاریکراوی تایبەتی خۆیان دەبن لەبەرامبەر هەڵ و ماندووبونی بەردەوامیاندا.

**ماددەی سیانزەیەم:-**

**هەر بەندێك لەم پەیرەوەدا ئاماژەی بۆ نەکرابوو ئەوا دەگەرێینەوە بۆ یاساو رێنماییەکانی تایبەت بە کۆمەڵەکان .**

**ل. ئەندامان و دامەزرێنەران و مامۆستاو لێپرسراوانی**
**کۆمەڵەی یۆگا لە کوردستان**
**٢٠٠٨/٦/١**